# کوردستان و باشووری کوردستان دوو ناوی جوگرافین

رۆژی سێشەممە (20.1.2009)، رۆژنامەی ئاوێنە لە لاپەڕە (2)ی ژمارە (156)یدا، لە هەواڵێکدا لەژێرناوی (رۆژنامەکانی شیعە بڕیاریاندا باکووری ئێراق لەبری کوردستان بەکاربهێنن)دا، کە لەرۆژنامەی (البينه الجديده)دا وەریگرتووە، نووسیویتی: (لەروانگەی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەرییەوە لەمەودوا "باکووری ئێراق" بەکاردەهێنێت لە بری "کوردستان". بۆ پاساوی ئەمەش (البينه الجديده)ی شیعەکان دەڵێن: کوردستان مەغزایەکی دابەشکاریی لەخۆدەگرێ، هەروەها کوردستان لەبنەڕەتدا ووشەیەکی عبرییە بەپێی دانپێدانانی رۆژنامەی زانیاری) مەعاریف)ی ئیسرائیلی.(

بەر لەهەموو شتێک ئەو بڕیارەی شیعەو ئیسلامییەکان بڕیاری تەواوی عارەبو ئیسلامییەکانە بە شیعەو بە سوننەکانەوە، پاشانیش ئەو بڕیارەیان لە رقو کینەی خۆیانەوەیە بەرامبەر بە کوردو کوردستان سەرچاوەی گرتووە، نەک وەکو نووسیویانە کە تەنیا لەپێناوی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەرییانەوە بێت بۆ ئێراقو عروبە، خۆ ئەگەر ئەوەی دووەمیشیان بێت، ئەوکاتە مانای سڕینەوەی کوردستانو پێشێلکردنی مافی کوردو کوردستانییەکان دەگەیەنێت !

سەبارەت بە بەکارهێنانی کوردستان، کە بەلای شیعەو عارەبە موسڵمانەکانەوە، مانای دابەشکردن دەگەیەنێت، لەوەڵامدا دەڵێم: یەکەم کوردستان هەرگیز بەشێک نەبووە لە ئێراقو لەداهاتووشدا هەر نابێت، ئەگەر بۆ هەزار ساڵی تریش بە داگیرکراوی بمێنێتەوە، چونکە کوردستان وڵاتی کوردەو لەلایەن عارەبی موسڵمانو دەوڵەتی ئێراقەوە بەهاوکاری ئینگلیز داگیرکراوە! دووەمیشیان تەمەنی بەکارهێنانی کوردستانو باشووری کوردستان (کە دواتر بەدرێژی شرۆڤەیان دەکەم)، یەکەمیان تەمەنەکەی (852) ساڵە، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر دوا ساڵی تەمەنی سوڵتان سەنگەری سەلجوقی، کە ساڵی (1157ز)ە بەساڵی بەکارهێنانی چەمکی کوردستان دابنێین، چونکە بۆ یەکەمجار ئەو ناوە (کوردستان) لەلایەن ئەوەوە بەکارهاتووە. هەروەها تەمەنی بەکارهێنانی چەمکی باشووری کوردستان نزیکەی دوو سەد ساڵێک دەبێت، کەچی تەمەنی ئێراقو دەوڵەتە داتاشراوەکەی لەسەردەستی ئەوەی کە عارەبەکان خۆیان پێی دەڵێن ئیمپریالیزمی ئینگلیزی دامەزراوەو، شیعەکان خۆیان لەکاتی خۆیدا بەرهەڵستی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتی ئێراقەی ئێستایان دەکرد، هەشتاو هەشت ساڵو سێ مانگو چوار رۆژە، دواتر دەشێ ئەوان ئەوەندە بێ ئاگابنو نەزانن کە حکومەتی باشووری کوردستان لەبەرواری (1.11.1918)دا لە سلێمانیو لەسەردەستی شێخ مەحمودی حەفید دامەزراوە، کەچی یەکەم حکومەتی کاتی ئێراق لەرێکەوتی (25.10.1920)دا، لەسەردەستی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس)ی ئینگلیزیو بەسەرۆکایەتی (عەبدولرەحمان نەقیب) دامەزراوە، کەواتە حکومەتی باشووری کوردستان دوو ساڵو شەش رۆژ لە حکومەتی ئێراقی کۆنترە! بۆیە دەبێت کوردستانو باشووری کوردستان، لەڕووی تەمەنەوە بە باپیرە گەورەی ئێراق دابنرێن، نەک وا بەچاوێکی سووکو پڕ لەترسەوە لەلایەن شیعەو عارەبە موسڵمانەکانەوە سەیریان بکرێتو، هەوڵی سڕینەوەیان بدرێت !

عارەبی شۆڤێنیو ئیسلامی عروبە کە هەردووکیان دوو ڕووی یەک دراوی قەڵپن، دەبێ ئەوە باش بزانن کە کوردستانو باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، دوو ناوی جوگرافینو هەر لەکۆنەوە، بەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقو بەکارهێنانی چەمکی داتاشراوی ئێراق، بۆ ئەو پارچەیەی خاکو نیشتمانی کورد بەکارهاتوون، کە ئێستاکە ژێردەستو داگیرکراوە لە لایەن عارەبو دەوڵەتی ئێراقەوە، هەروەها ئەوان دەبێت ئەو راستیەش بزانن کە کوردستانی ئێراق یان باکووری ئێراق، ئەو ناوانە ناوی جوگرافی نین، بەڵکو بریتین لە دوو زاراوەی رامیاری کە عارەبە ئیسلامییە شۆڤێنیستەکانو داگیرکەرەکان لەدژی کوردو، بەمەبەستی سڕینەوەو دەست بەسەرداگرتنی خاکو نیشتمانی کورد کە کوردستانە، دایان تاشیوون !!

وەلێ سەبارەت بەوەی کە گوایە کوردستان ووشەیەکی عبرییە، ئەوە نە یەکەم بوختانو نەدوا بوختانی شیعەو عارەبە موسڵمانو داگیرکەرانیش دەبێت! کوردستان کە واتای وڵاتی کورد یان نیشتمانی کورد دەگەیەنێت بۆ دەبێت ووشەیەکی عیبری بێت؟ ئەگەر وایە بۆ چەندین ساڵە عارەبەکان یاخود جوولەکەکان باسی ئەو شتەیان نەدەکردو ئێستا باسی دەکەن؟؟ خۆ ئەگەر کوردستان ووشەیەکی عبری بێت، دەبێت هەموو ئەو وڵاتانەی کە بە پاشگری (ستان) وەکو پاکستان، هیندستان، ئەفگانستان، تورکمانستانو عەرەبستان کۆتاییان دێت، عبری بن! هەتا ئەگەر با بڵێین ئەوە راستەو کوردستان ووشەیەکی عیبری بێت، ئەوکاتە پەیوەندی بەخزمانەوە هەیەو پەیوەندی بە موسڵمانو بە عارەبەوە نییە! خۆ ئەگەر ئەوە بەلای عارەبەوە گرنگ بێت، لەوە گرنگتر ئەوەیە کە هەم عارەبو هەم جوولەکە لەیەک خێزانو سامین، ئەگەر ئەوان ئەوەندە دژی جوولەکەن، دەبوایە بەر لەهەموو شتێک کە عارەبو جوولەکە رەگەزو خوێنیان دەچێتەوە سەر یەک، لەرقی جوولەکە هەر هەموویان خۆیان بکوشتایە یان خۆیان فڕێ بدایە ناو دەریا! خۆ رابەری شیعەکانی ئێراقی (عەلی سیستان)ی خەڵکی شارۆچکەی (سیستان)ی ئێرانەو، شاری سیستانی رابەرەکەشیان بە پاشگری (ستان) کۆتایی دێت، کەواتە دەبێت ئەو سیستانەی (عەلی سیستان)یش عیبری بێتو بەچاوی مەترسییەک بۆ سەر دوارۆژی ئێراق سەیری بکەن! ئەگەر ئەوان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لەبری کوردستان یان باشووری کوردستان، ئێراق بەکاربهێنن، ئێمەش پێشنیاری ئەوە دەکەین لەبری عەلی سیستانی (عەلی سی سی) بەکاربهێنن !

بەڵام کێشەکە ئەوە نییە، هەروەکو ئەوان دەریدەبڕن، بەڵکو کێشەکە دژایەتی کردنی هەموو شتێکی کوردیو کوردستانییە، ئەی هەر ئەو شیعەو موسڵمانە عارەبە زایۆنییانەی نەوەو بەچکەی عارەبە شۆڤێنیەکان نەبوون لە لەکاتی خۆنیشاندانەکەی کەرکوک لەرێکەوتی (31.12.2003)دا، دروشمی (لا اله الا الله كوردستان عدو الله)یان بەرزکردەوە؟ دوایی چۆنە شیعەو عارەبە موسڵمانەکان لەکاتێکدا کە هەموو شتێکی ئیسرائیلی رەتدەکەنەوە، بگرە تەنانەت تەوقەکردنیش لەگەڵ جوولەکەو ئیسرائیلییەکان بە کفرکردن دەزانن، کەچی رۆژنامەیەکی ئیسرائیلی دەکەنە سەرچاوەو پاڵپشتیکردنی بۆچوونەکانی خۆیان؟ خۆ مەرج نییە هەرشتێکی رۆژنامەکان بینووسن هەمووی راستبێت! ئایا وەکو شیعەی شۆڤێنیو موسڵمانی عروبی، بەم رەفتارو کردارە ناڕەوایانەیان دەیانەوێت بیسەلمێنن کە: (كنتم خير أمه أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر - سورەی ئالعمران، ئایەی (110(، واتە: (ئێوە چاکترین نەتەوەیەکن، کە بۆ سوودی مرۆڤ دەرکەوتوون، چونکە فەرمان بەچاکە دەدەنو قەدەغەی خراپە دەکەن)، یاخود مێژووی رابردووی عارەبی موسڵمان، ناڕاستی ئەو ئایەتەی سەرەوەی سەلماندووە؟ ئایا ئەوە چما ئێوەن، کە چاکترین نەتەوەی سەر ڕووی زەمینن؟ ئەی خراپترین نەتەوە دەبێت کێ بێت؟ پێموایە لەهەموو جیهاندا نەتەوەکی تر نابینرێت کە بەقەد نەتەوەی عارەب رەگەزپەرست، قین لەدڵو بە رقو کینە بێت !

سەبارەت بە چەمکی یان ناوی کوردستان بۆ یەکەمجار لە سەدەی دوازدەمینی زایینەوە لەلایەن سوڵتان سەنجەری سەلجوقی، کە لەماوەی ساڵانی (557-511ک/1118-1157ز)دا دەسەڵاتی بەدەست بووە بەکارهاتووە، هەروەها گەریدەی ئیتاڵیش (مارکۆ پۆلۆ 1254-1323)، یەکەم کەس بووە وشەی (کوردستان)ی لەنووسیندا بەکارهێناوە، دواتریش لەپەرتووکەکانی (جامع التواريخ) لەنووسینی) رەشید ئەلدین فەزڵوڵلا هەمەدانی) لەساڵەکانی (1310-1311ز)و (نزهە القلوب)ی مێژوونووسی ناوداری ئیسلامی (حەمەدوڵڵای قەزوینی)دا، کە لەساڵی (750ک/1349ز)دا نووسیویتی، ناوی کوردستان هاتووە .سەبارەت بە چەمکی کوردستانی باشوور (باشووری کوردستان)یش نزیکەی (200) ساڵێک دەبێت بەکاردێت، بۆ نموونە ئەو چەمکە (کوردستانی باشوور/ باشووری کوردستان) بۆ یەکەمجار لەساڵی (1820)دا، واتە نزیکەی دوو سەدە بەر لەئێستاوە لەلایەن گەڕیدەی فەرەنسی (کلۆدیوس جێمس ریچ)، کە لە نێوان (5.10.1821-28.3.1787)دا ژیاوە، بەکارهاتووە - بڕوانە: (کلۆدیوس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی لەعارەبییەوە محەمەد حەمە باقی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی سێیەم، باشووری کوردستان – هەولێر .2002 ل256 .(

هەروەها گەڕیدەی ئینگلیزی (ئەی. کلیمێنت/کلمان(A. Clement) یش، کە لەمانگی حەوتی ساڵی (1856)دا لەرێگای بەغداوە هاتۆتە باشووری کوردستانو، نزیکەی تەواوی ئەو پارچەیەی کوردستان گەڕاوەو، پەرتووکێکی لەسەر ئەو گەشتەی خۆی بۆ کوردستان نووسیوە لەژێرناوی: (گەشتێک لە باشووری کوردستان، لە کەرکوک بۆ رەواندز). هەر لەناونیشانی پەرتووکەکەی ناوبراودا، بۆمان دەردەکەوێت کە چەمکی باشووری کوردستان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمو پێشتریشەوە بەکارهاتووە - بڕوانە: (سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورکو عارەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، ل48.(

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، دەبینین ژمارەکی زۆر لە ئەفسەرانی بەریتانی، مێژوونووسانو کۆمەڵەی نەتەوەکان ناوی کوردستان یان کوردستانی باشوور (باشووری کوردستان)یان بەکارهێناوە، کە بەشێکیان ئەمانەن: (ئارنۆڵد تۆینبی ویلسۆن، بلاد مابين النهرين بين الولائين خواگر شخیيه، دکتۆر وەلید حەمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سیسیل. جۆن ئەدمۆندس، کورد تورک عارەب، کاپتن دەبلقی. ئار. های، سنتان في كوردستان، بارۆند ئێدوارد نۆلد، گەشتێک بە عارەبستانو کوردستانو ئەرمەنستان، ستیڤن هێمسلی لۆنگریک، أربعه قرون من تأريخ العراق، مێجەر ئێلی بانیستەر سۆن، رحله متنكر الى بلاد مابين النهرين وكوردستان(

.سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا لەدوای داگیرکردنی ویلایەتی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەبەرواری (11.3.1917)دا، لەبروسکەیەکی خێرادا کە لەبەرواری (14.1.1917)دا ناردوویەتی داوای پتەوکردنی نوێنەرایەتی بەریتانی دەکات نەک تەنیا لەباشووری کوردستان، بەڵکو لە هەریەک لە کرماشان، وڵاتی کەلهوڕ، لورستان، بەختەرانو هەمەدان، هەروەها رادەسپێرێ کە ئەفسەرانی رامیاری بەریتانی بنێردرێنە ئەوێ بەزووترین کات – بڕوانە: (سروه ئەسعەد سابیر، كوردستان من بدايه الحرب العالميه الاولى الى نهايه مشكله الموێل 1914-1926، ێ56 .(

برووسکەی وەزارەتی هیند (سێر ئێدوین ساموئێل مۆنتاگیۆی وەزیری هیند) بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن) کە لەبەرواری (22.8.1919)دا ناردوویەتی، ناوی کوردستانی باشووری هێناوە. هەروەها نامەی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا (سێر هێنری رۆبەرت کۆنۆی دوبس)، کە لەبەرواری(4.11.1925) دا بۆ شێخ مەحمودی نەمری ناردووە، سێر هێنری دوبس کوردستانی باشووری بەکارهێناوە - بڕوانە: (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس - پیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، ل42+ل81.(

) سێر ئارنۆڵد تالبوت ویلسۆن)ی کۆمیسیاری باڵای بەریتانی لە بەغدا، پەرتووکێکی بەناوی (میزۆپۆتامیا لەنێوان(1920-1917 دا کە بەزمانی ئینگلیزی نووسیویتیو لە لاپەڕە (9)دا بەمشێوەیە ناوی باشووری کوردستانی هێناوە: (ئەگەر بێتوو سەرکردەی هێزەکانی بەریتانی مارشاڵ سوپاکەی لە دوز بهێشتایەوە، یان ئەگەر سوپاکە لە کەرکوک بایە، لەدوو ساڵی ئایینەدا هەڵومەرجەکان لە کوردستانی باشوور بەشێوەیەکی تر دەبوون)، هەروەها لە لاپەڕە (145)یشدا نووسیویتی: لە باشووری کوردستان ئارامی جێگیرە، بەهێزی چەک توانرا شێخ مەحمود لەناو ببرێو، ئارامی شاری کۆیەشی گرتۆتەوە – بڕوانە: (Arnold 1920 Talbot Wilson, Mesopotamia 1917-).

ئەفسەری پایەبەرزی ئینگلیزی سیسیل جۆن ئێدمۆندس، لە لاپەڕە (91)ی پەرتووکی (کورد تورکو عارەب، سیاسەت، گەشتو توێژینەوە لەسەر باکووری خۆرهەڵاتی ئێراق 1919-1925)دا نووسیویتی: (لە باشووری کوردستان، بە مریدی تەریقەی قادری دەڵێن دەروێشو مریدی تەریقەی نەقشبەندی بە سۆفی دەناسن). هەروەها ئێدمۆندس لە لاپەڕەکانی (108،105،97،95)دا ناوی باشووری کوردستانی هێناوە .(مێجەر ئێلە بانیستەر سۆن، راوێژکاری سیاسی شێخ مەحمود، لەساڵی (1919)دا پەرتووکێکی نووسیوە، کە نەجاتی عەبدوڵلا بۆ کوردی وەریگێڕاوە، هەر لەناونیشانی پەرتووکەکەدا (چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو)دا ناوی باشووری کوردستانی بەکارهێناوە .گ. ئار. درایڤەر، یەکێک بووە لەکارگێڕە بەریتانییەکان کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاری دیپلۆماتی کردووە، هەروەها مامۆستا بووە لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانیاو خاوەنی چەندین توێژینەوەی گرنگو بەنرخە لەسەر کورد، بۆ نموونە: (کوردو کوردستان 1919، ئایینی کوردان، لێکۆڵینەوەی دیرۆکی کوردان، هەروەها "بڵاوبوونەوەی کوردو ناوی کوردو دارشتنە زمانییەکانی"). درایڤەر، یەکێکە لەو کەسانەی کە ووشەی کوردستانی باشووری لەساڵی (1920)دا لەو پەرتووکەی خوارەوەدا بەکارهێناوە . Driver, G. R., Kurds and Kurdistan printed by the G. S. I. printing section, Mont Carmel. Palestine. 1919.

بگرە هەتا تورکەکانیش باشووری کوردستان-یان بەکارهێناوە، بۆ نموونە دوای بەیەکگەیشتنی نوێنەرانی شێخ مەحمودو عەلی شەفیق بەگ (ئۆزدەمیر)ی سەر بە مستەفا کەماڵ ئەتاتورک لەمانگی ئابی ساڵی (1923)دا، هەردوولا گەیشتنە رێکەوتنێکی هەشت خاڵی، کە تیایدا کەمالییەکان دانیان بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان دانابوو، هەشت جار ووشەی کوردستانی باشووریان لەو رێکەتننامەیەدا بەکارهێناوە - لازاریڤ، المسأله الكورديه 1923-1945، ترجمه د. عبدی حاجی، ل65). هەروەها لازاریڤ خۆیشی لە لاپەڕە (117)ی پەرتووکی ناوبراودا باشووری کوردستانی بەکارهێناوە .

بۆیە پێویستە بێ سڵکردنەوە لە دوژمنانمان ئەگەر پێیان خۆشبێت یا ناخۆش، لە هەموو کاتو شوێنێکدا ناوی کوردستانو باشووری کوردستان ببەین، قایل نەبین بە کوردستانو باشووری کوردستان بڵێن باکووری ئێراق، چونکە کوردستان وەکو خاک بوونی هەیە، ئەی ئەوە نییە نەتەوەکی چل تا پەنجا ملیۆن کەسی کە پێیان دەڵێن کورد، هەموویان بەزمانێک قسەدەکەنو لەسەر خاکێک دەژین کە بە کوردستان ناودەبرێت! ئەی ئەوە نییە بەسەدانو بگرە هەزاران مێژوونووس، گەڕیدە، جوگرافیناس، ئارکۆلۆجی، رۆژهەڵاتناسو پۆلەتیک ناوی کوردو کوردستانو باشوورو باکووری کوردستانو پارچەکانی تری کوردستان-یان بردووەو سنووری کوردستانو نیشتمانی کوردیان دیاریکردووە! ئەی ئەوە نییە هەر لەکۆنەوەو لەسەرەتای سەدەی دوازدەهەمەوە چەمکی کوردستان بەکارهاتووەو، چەمکی لێکدراوی باشووری کوردستانیش هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە بەکارهاتووە !کەواتە کوردستانو باشووری کوردستان هەر هەبوونەو دەبێتیش هەر بەزیندوویی و بە بەرزی بمێنن، بۆیە لەپێناوی بەرزڕاگرتنو بەزیندوو مانەوەی هەردووکیان پێویستە.

**دەرسیم دیبەگەیی**

# گرفتەکانی کیشوەری ئەفریقا لەبەردەم سەرۆکایەتی قەزافیدا

معەمەر قەزافی سەرۆکی وڵاتی لیبیا کە بڕیاروایە سەرۆکایەتی یەکێتی ئەفریقیا وەربگرێ، ئاشکرای کردووە کە کێشەو گرفتەکانی کیشوەری ئەفریقیا شیمانەی چارەسەرکردنیان زیاترە و هەوڵی شێلگیرانەیان بۆ دەدات.

کیشوەری ئەفریقیا کە بە هەژارترین کیشوەر ناسراوە، لەنێو خۆیدا ڕووبەڕووی کێشەی شەڕی نێوەخۆ، سنوورو سەرهەڵگرتن بۆتەوە.

شەڕی نێوەخۆی وڵاتی سودان، بەتایبەتیش کێشەی هەرێمی دارفوڕ یەکێک لە گرگرتووترین کێشەی کیشوەری رەشە کە سەرۆک کۆماری سودان بەهۆی ئەو پێشێلکاری و جەنگانەی لەو هەرێمە بەڕێوەچوون، بە کۆمەڵکوژی تۆمەتبارکراوەو بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. هەروەک معەمەر قەزافیش باسی لێوەکردووە، دەستپێکی کارەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارفوڕ دەبێ.

کێشەی سنوور یەکێکە لەو کێشانەی کە کیشوەری ئەفریقیای نائارام کردووە، بەتایبەتیش کێشەی سنوور لەنێوان ئەسوبیاو ئەریتیریا، قەزافی ئامادەکاری دەکات تاوەکو هەردوو لایەنی ناکۆک لەسەر مێزی دانوستاندن کۆ بکاتەوەو کێشەکەیان بۆ یەکلایی بکاتەوە، بەڵام ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نیە، چونکە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە ماوەی زیاتر لە 400 ساڵ ئەریتیریا بە ئەسیوبیا لکێندرابوو، دوایی لە ساڵی 1992



لە ریفراندۆمێکدا سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنا، دوای ئەمەش کێشەی سنووری نێوانیان شەڕو پێکدادانی لێکەوتۆتەوە.

یەکێک لەو کێشانەی کە بەرۆکی کیشوەری رەشی گرتووە، دیاردەی سەرهەڵگرتنی لاوانە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر کیشوەرەکە داناوە، لەلایەکەوە زۆربەی هێزی گەنجان ڕوو لە هەندەران دەکات کە هەندێکیان لە ڕێگەی گەیشتن بە خەونی ئەوروپا گیان لەدەست دەدەن، ئەمەش وایکردووە کە سەرانی وڵاتانی ئەفریقیا بیر لە چارەسەرکردنی بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش معەمەر قەزافی داوای هاوکاری لە یەکێتی ئەوروپا کردووەو هیواداره کە بە هاوکاری نێوانیان سنوورێک بۆ سەرهەڵگرتنی لاوان دابندرێ. هەڵبەت یەکێتی ئەوروپاش هەوڵی ڕێگرتنی کۆچی نایاسایی دەدات، بەوهۆیەوە ناچار دەبن کە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقیادا بکەن، شیمانەی ئەوەش دەکرێ کە هاوهەنگی نێوانیان دیاردەی سەرهەڵگرتن کەمتر بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگری دەریاوانی سۆماڵ کە بە قەرسەنە ناسراون، کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە، وڵاتانی جیهان هەوڵی بنبڕکردنی دەدەن، بەڵام معەمەر قەزافی پێیوایە کە ئەو دیاردەیە لە نابەرابەری و دەستدرێژیەوە سەری هەڵداوە، چونکە کەشتی وڵاتانی ئەوروپا دەچن و لە دەریای سۆماڵدا ماسی ڕاو دەکەن و سامانی ئەو وڵاتە دەدزن، بۆیە گروپ و ڕێکخراوی سۆماڵی دەستیان بە ڕێگری دەریاوانی کردووە، ئەمەش دەبی بە هەوڵی کۆشش و لێکتێگەیشتنی وڵاتان چارەسەر بکرێ.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە معەمەر قەزافی پێیوایە کە دانیشتوانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین ڕەسەنیان ئەفریقیەو لە کیشوەری ئەفریقیاوە ڕۆیشتوون، بۆیە دەکرێ ئەوانیش بۆ یەکێتی ئەفریقیا بانگ بکرێن، هەرچەندە کە چاودێران ئەمە بە ئاستەم و زەحمەت دەزانن، بەڵام دیسانیشەوە لە ڕۆژەڤی کارەکانی معەمەر قەزافیدا جێی گرتووە.

چاودێران پێیانوایە کە برسێتی گرفتێکی گەورەیەو هەڕەشە لە کیشوەری رەش دەکات، بەڵام قەزافی پێیوایە ئەگەر سامانی نیشتمانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەکار بکرێ، ئەو کێشەیە بنبڕ دەکرێ.

**سەربەست کانەبی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2009-01-08 18:08:00 |
| Change Number: | 176 |
| Last Saved On: | 2009-02-12 08:36:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 1 319 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-02-14 12:23:00 |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | 1 |
| Number of Words: | 5 (approx.) |
| Number of Characters: | 31 (approx.) |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com